# پیاوە لەشفرۆشەکان

گۆران ڕەئووف

## ١

شەماڵ، دوێنێ شەو لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. ڕووداوێک هەمووانی تووشی خەم و ئازار کرد. لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا، خۆی کوشت، یان کوژرا؟ یان باشترە چیرۆکەکە وەکووو خۆی بگێڕینەوە، ڕەنگە هاوڕێکەی کوشتبیەتی.

ئەوەی شەماڵی کوشت، هاوڕێی کۆنی شەماڵ بوو، ئێستا پلەبەرزی ناو سوپایە، ناوی ڕەزایە.. من بۆ خۆم، کە ئەم چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە، بەلامەوە گرینگ نییە چ پلەیەکی هەیە، یان بۆم گرینگ نییە، ناوی پلە سەربازییەکەی بە درووستی بپرسم و بۆ ئێوەی نەقڵ بکەم، چونکە خۆم هیچ لەبارەی پلە و ئەو ناوە قۆڕانەی سوپاو و سەربازییەوە نازانم، بەڵام دەزانم پلە بەرزێکی ناو سوپایە.. من شەماڵ و ڕەزا لە هەمووان باشتر دەناسم، دەزانم دوای یەکتر بینینی قاوەخانەکە، ڕەزا بیرۆکەی کوشتی

شــەماڵی بۆ درووســت بوو، دەشــبوو بیکوشــتبا! لەوەش گرینگتر ئەوەیە من ئێستا ترسی ئەوەم هەیە، کە ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە، دواتر بکوژرێم! چونکە ئەوەی من بیستوومە، ئەوانەی لەنێو سوپادا کاردەکەن، ئاگایان لەهەموو شــتێکە، تەنانەت دەشــزانن شــەوان چ خەوێکت بینیوە، دەترسم منیش کەشف ببم و بمدۆزنەوە و بزانن من بووم ئەم چیرۆکەم نووسیوەتەوە.

ڕەزا پێش ئەوەی بیر لە کوشتنی شەماڵ بکاتەوە، وەکوو دوو هاوڕێ لە قاوەخانەکەدا دانیشــتبوون، باسی سەردەمی منداڵی، هەرزەکاری و لاوێتییــان کردبــوو. وەکــو دوو هــاوڕێ، کــە لە مێــژە یەکتریان نەبینیوە.. دەڵێن ســەردەمی زانکۆ، کە پێکەوە دەیانخوێند، ڕۆژێک شــەماڵ لە ڕەزا ونبــووە، تا ئەو ڕۆژەی لــە قاوەخانەکەدا یەکتریان بینیوەتەوە، یان باشترە بڵێین ڕەزا شەماڵی دۆزییەوەتەوە! کەمێک پێکــەوە گەڕابوونــەوە نێو چیرۆکەکانی ڕابردوویــان. هەندێک کەس ئــەو دووانەیــان بینیوە دەڵێن پــاش ئەو هەموو ســاڵە لە ونبوونی شــەماڵ هەندێ کاغەزیان لە بەردەمدابووە و شتیان نووسیوە، بەڵام بریا هەرگیز یەکتریان نەبینیبا! چونکە ئەو یەکتر بینینە بووە هۆی کوشتنی شەماڵ.

دیداری ئەو ڕۆژەی شەماڵ و ڕەزا لە قاوەخانەکەدا، باسی زۆر شتیان کردبوو، گرینگترینیان نهێنییەکی ڕەزا بوو، کە بۆ شەماڵی باسکردبوو، نهێنییەک یان باشــترە بڵێین: باســکردنی دەردێک، کە تەنیا کەسە بۆی باســکردووە. ئەو جارجار شــەماڵی لێدەبێت بە خۆی. ئەوەندە متمانەی پێیەتی، لەمێژە شتێکی گرینگی لە شەماڵ شاردۆتەوە، یان نەیشــاردۆتەوە. لە کاتی ونبوونی شــەماڵەوە، ڕەزا دەیەوێت شەماڵ ببینێت و باسی ئەو نهێنییە گرینگەی خۆی بکات. باسی نهێنییەک، کە ڕەزا بە دەرد ناوی دەبات. دواتریش شەماڵ باسی کارێکی شانۆیی خــۆی بۆ کردبوو. کارێکی شــانۆیی. کە بووە هــۆی دەرکەوتنەوەی شەماڵ، بووە هۆی کوشتنی.. یان ڕەنگە هۆکارێکی تر بووبێت.

# ٢

رەزا چۆن شەماڵی بینییەوە؟
کاتێک شەماڵ و ڕەزا لە زانکۆ و لە بەشی فیزیا دەخوێنن، بەیانینا زوو وەکوو پیشـــەی هەمیشەییان، پێش هەمووان دەچنە زانکۆ، پێکەوە کۆشش دەکەن پێکەوە دادەنیشن، پێکەوە دەخوێنن، پێکەوە وەڵامی پرســیاری تاقیکردنەوەکوان دەدەنەوە. خۆشـــیان پێیان سەیرە، کە مامۆســتاکان ڕێگە دەدەن ئەو دووانە پێکەوە وەڵامی پرســیارەکان بدەنــەوە، تەنیا خۆیان پێیان ســەیرە! هەرچەندە لە پۆلی یەکەمی ســەرەتاییەوە هەر پێکەوە بوون، هەر پێکەوەش هەموو شــتێکیان کردووە، بە جووتە خەریکی شــانۆ بوون، خەریکی نووســینی دەقی شــانۆ بــوون، بەڵام لەپــڕ ڕۆژێک شــەماڵ ونەبێــت، ڕەزا هەرچەن دەگەڕێت نایدۆزێتەوە، نازانێت بۆ کوێ چووە، بەڵام گومانێکی هەیە، ئــەو تا بینینەوە شـــەماڵ وایبردەکردەوە، کە شـــەماڵ ئیتر نایەوێت بخوێنێــت، ئەو خوێنــدی وەکو نەمانی پارچەکانی جەســتەی خۆی بینیوە. شەماڵ ڕۆژ دوای ڕۆژ، هەست بەوە دەکات، ئەگەر بەردەوام بێــت لە خوێندن، ئەوا ئیتر جەســتەی، خەیاڵەکانی، حەزەکانی بۆ شانۆ وندەبێت.

ڕەزا زەمەنێک بە تەنیا ژیا، دوای شەماڵ ئەویش وازی لە زانکۆ هێنا، جارێکی تر، پێوەندی بە حزبەوە کرد. ئیتر دەیزانی بە بێ شـــەماڵ خوێندنــی بــۆ تەواوناکرێت. هاوڕێکانــی تری بینیبــوو هەریەکەیان ببوونــە پلەدار لە نێو حزب و حکومەتدا، ئەمیش دەیویســت هەمان شــت بێت، دەیویست دەسەڵاتی هەبێت. پاسەوانی تایبەت بە خۆی هەبێت. ئەمەش بۆ ئەو ئاسان بوو، چونکە ڕۆژگارێک لە شاخ لەگەڵ ســەرکردەکانی شــۆڕش خەباتی کردووە، کە گەڕایەوە ناو حزب هەر زوو بووە پلەدار و بەرپرس.

ڕەزا و شـــەماڵ، کاتێـــک لە شـــاخیش بوون، خەریکی شـــانۆ بوون، چەندین تێکســـتی شـــانۆییان نووسی بوو. بۆیە حەزی شانۆ شتێک بـــوو، لـــە خەیاڵی هەردووکیاندا برووســـکەی دەدا. دوای ئەوەی ڕەزا

بووە پلەداری سەربازی، ئەوەی لە بیری کرد شەماڵ بوو. ئەوەی تێیدا نەما شانۆ بوو. ببوو بە پیاوێکی دڵڕەق. پیاوێکی سەربازیی. پیاوێکی شەقوەشێنی حزب. پاوکوژی حیزب. دەڵێن برای خۆی کوشتووە بۆ حزب. برای ڕاستەقینەی خۆی لەتلەتکردووە.. بەڵام تەمەنێک لە ئازاردانی خەڵک و شەقوەشاندن بۆ حزبەکەی، لەپڕ بیری ئەوەی دەکەوێتەوە، شانۆییەک بنووسێت! پیاوێکی سەربازی دڵڕەق دەیەوێت شانۆ بنووسێت.. ڕەزا بەیانییەک بە پاسەوانەکانی دەڵێت ئەمڕۆ لەگەڵم مەیەن، قەڵەم و هەندێ کاغەز هەڵدەگرێت و دەڕواتە قاوەخانەیەک، بە تەنیا دادەنیشێت، دەستدەکات بە نووسینی ئەو شانۆیەی خەیاڵیان بەگیرهێناوە. دەنووسێت، دەنووسێت، دەنووسێت.. لەوکاتەدا شەماڵ پاش تەمەنێک لە ونبوونی دێت و بەرانبەر ڕەزا دادەنیشێت، سەیری یەکتر دەکەن، تەنیا کەمێک پێدەکەنن و بە ساردییەکەوە تەماشای یەکتر دەکەن و شانۆییەکە دەنووسن.

# ٣

بەشێک لە گفتوگۆی نێو قاوەخانەکە.

ڕەزا: شـەماڵ گیـان، قسـەیەکی تۆ کـە کاتی خۆی کـردت، ژیانی منی گۆڕی، قسەیەک، کە زۆرکات بیری لێدەکەمەوە، دڵتەنگ دەبم، پێدەکەنم، فرمێسک پێشچاوم لێڵ دەکات. بە بیرکردنەوە لەو قسەیە، دەخۆمەوە، لە خۆم دەدەم، گوللە بە ئاسـمانەوە دەنێم، دواجار لە خۆم دەپرسم بۆ وامکرد؟

شەماڵ: ئێ ڕەزا گیان، من و تۆ زۆر قسەمانکردووە، نازانم کامەیانت مەبەسـتە، ڕەنگە تەواوی گفتوگۆکانی خۆمان کۆبکەینەوە تاکۆتایی تەمەن بۆمان کۆنەکرێتەوە، ئەوەندە قسەمانکردووە..

ڕەزا: دەزانم شەماڵ گیان، بەڵام من تا ئێستاش نازانم بۆ ئەو بەشەی ژیانم هەڵبژارد؟ تێناگەم بۆ فریوی شتێکم خوارد، کەخۆم نەمدەزانی و هەسـتم پێنەکردبوو، نەمدەویست وەهابم، نە باوەڕم وابوو ڕۆژێک وەها بژییەم؟ نە هەرگیز کەسـانی وەهام خۆشویستووە، بەڵام تازە واملێهاتووە و تەنیا تۆش دەزانی من کێم و لە کام جۆرە مرۆڤانم.

شـەماڵ: ئەها ئێسـتا تێدەگەم! ڕاسـتدەکەیت، بـەڵام خەم مەخۆ، کۆمەڵگە بە گشتی وایلێهاتووە، دنیا وایلێهاتووە، مرۆڤایەتی هەموو وەهـان.. تۆ ئێسـتا ئیتـر بەدەریت لەو گوزارشـتە، بەڵکو ئەوانەی خوارەوەت دەبێت ئەوەبن، پاسەوانەکانت وەکو تۆن، ئەوجا تۆ..

ڕەزا: شـەماڵ.. شەماڵ.. بەسـیکە، من دەزانم مرۆڤایەتی وایلێهاتووە، دەزانم کۆمەڵگە چی بەسـەرهاتووە، بەڵام من نەدەبوو واملێبێـت، چونکـە هاوڕێـی تۆبـووم! هاوڕێی کەسـێک بـووم، کە بەرلەهەموو کەس، دەرکی بەم دەردە کرد، من خەم بۆ ئەوە دەخۆم، کە بە دەستی خۆم و ئاگایانە، وەکو ڕێبازێک هەڵمبژارد.

شەماڵ: بەڵام من هێشتا تووشی ئەو دەردە نەبووم، هێشتا دژی ئەو مرۆڤانەم، ئەسـڵەن ئێستا خەریکی شـانۆییەکم بە جوانی باس لەو دەردە دەکات. ئەی نازانی بۆ وازم لە زانکۆ هێنا، تەنیا هەستمدەکرد منیش خەریکە تووشی ئەو دەردە دەبم! ئێستا خەریکی شانۆییەکم

نازانــم بۆ یەکێک لــە کارەکتەرەکانی لەتۆ دەچێت، من پێش ئەوەی بشــزانم تــۆ بە ویســتی خۆت، خۆت تووشــی ئــەو دەردە کردووە، هاوکات ئەم کارەکتەرەی منیش بەویستی خۆی و ئاگایانە ئەو دەردە هەڵدەبژێرێت.

ڕەزا: ئۆهــــ دەی کۆتایی پێبهێنە، بابە مێشکم تێک مەدە، من خۆم بێزارم لەخۆم، بێزارم لەوەی بۆ وامکردووە، تۆش هێندەی تر ئازاری ئەخلاقــم دەدەیت، ئــازاری ویژدانم دەدەیت، من زۆرجار ویســتوومە خۆم بکوژم، ویســتوومە خۆم لەکۆڵ خۆم بکەوم، وا خەریکە تۆش دەکەویتە سەر کۆڵم.

شــەماڵ: باشــە ڕەزا گیان، ئەوە چیتە؟ وەکو منداڵ مەجووڵێرەوە، ئەوە خەڵکی سەیرمان دەکەن، هەستە بابڕۆین.

# ٤

## گفتوگۆی شەماڵ و ڕەزا لەبارەی پیاوە لەشفرۆشەکانەوە

یەکەمین گفتوگۆی شـــەماڵ و ڕەزا لەبارەی پیاوە لەشفرۆشەکانەوە، کاتێک بوو لە زانکۆ دەیانخوێند. کاتێک، کە شەماڵ هێشتا وننەبووبوو، بەیانییەکی زستان لە باخچەی کۆلێژ، بەدەم پیاسەکردنەوە، شەماڵ باسی پیاوە لەشفرۆشەکانی بۆ کردبوو..

شەماڵ: ڕەزا تۆ باوەڕدەکەیت، پیاوانیش لەشفرۆشی دەکەن؟

ڕەزا: هاهاها ئادەی چۆن بابزانم..

شەماڵ: من ڕۆژانە هاوڕێی خۆمان دەبینم، لەشی خۆیان دەفرۆشن، بەڵام مەرج نییە وەکو لەشفرۆشەکان بە بڕێک پارە لەشفرۆشی بکەن، بەڵکو ئەوان بە نیگایەک وەکو نیگای سەر مەسرەح، بە پێکەنینێک، کــە نەدەبوو پێبکەنن، بە تووڕەبوونێکی ســاختە، بــە ڕازیبوون بە دۆخگەلێک یان بە جۆرە ژیانێک، کە هیچ باوەڕێکیان پێی نییە، کەچی بەردەوامن لەســەری. ئەوان لەشــی خۆیان بە زۆر شێوە دەفرۆشن. مــن هەرکات بیریــان لێدەکەمەوە، ســەرم ژان دەکات. جاران مرۆڤ کەی وابوو، ئێمە کەی وەها ژیاین؟ ئێمە، کە چووینە شاخ و بووینە پێشــمەرگە، کەی بۆ ئەمە ڕۆیشــتین؟ من مرۆڤگەلێکی زۆر دەبینم، کە ڕۆژانە لەم وڵاتەی من و تۆدا، بەلاماندا تێدەپەڕن، ســەردەکەون و دەبنە ســەرکردە، دەبنە کاربەدەست، دەبنە هەمووشتێک. ئەوانە زۆربەیان لەشــی خۆیان دەفرۆشــن، تا دەگەنە ئەو شــوێنانەی ئیتر لەش دەکڕن! تۆ شەهابت بیرماوە؟ ڕەزا بە تێڕامانەوە سەیری شەماڵ دەکات، بەوردی گوێی بۆ قسەکانی گرتووە، بەسەرەلەقێ پێیدەڵێت: بەڵێ.. باوەڕدەکەیت ئەو ئێســتا هەمووشــتێکە لــەم وڵاتەدا، پارە، خانــوو، ماشــێن و ژن، هەرچی خۆی بییەوێت هەیەتــی. ئەو تەنیا لەشــی خۆی فرۆشــت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانە. شەهاب، بەدەم هەموو کەســێکەوە پێدەکەنی، مرۆڤێکی بچووک بوو، پڕبوو لە ڕق، پڕبــوو لــە لاوازیی، بۆیــە تەنیا پێدەکەنی و بــە پێکەنینەکەی دڵی هەمووکەسی ڕازی دەکرد. کاتی خۆیشی لەگەڵ ڕژێم هەموو شتێکی

دەکرد، ئێستاش لەگەڵ هەموو کەسێکی تردا ئەوە دەکات. ئەو ئێستا هەموو شتێکە، بەڵام ئەو ئیتر لای من، لەشفرۆشێک زیاتر نییە، بۆیە دەتوانین بەو کەسانە بڵێین: پیاوە لەشفرۆشەکان.. بەڵام ڕەزا گیان، ئەوەی زیاتر من نیگەران دەکات، مرۆڤە پاکەکانن، مرۆڤە جوانەکانن، ئەو پیاوە قارەمانانەن، کە هەموو ژیانیان فرۆشت لەپێناو سەربەزیی، شۆڕش، خاک و بیروباوەڕیاندا، کەچی ئێستا لەشیان دەفرۆشن. هەیانە خۆی بازاڕ بۆخۆی پەیدا دەکات. هەیانە چێژ لە لەشکڕین وەردەگرێت! لەشکڕێک لەشی کڕیوە و تێرنابێت، فێریان دەکەن چۆن لەش بکڕن.

## ٥

### شەوی کوشتنی شەماڵ

ڕەزا خۆی و پاسەوانەکانی، دێت بۆ ماڵی شەماڵ، شەوێکی ساردە، نازانم بۆ زۆربەی چیرۆکەکان، ڕووداوە سەیرەکانیان دەکەوێتە شەوە ساردەکانەوە، بەڵام بەڕاستی شەوێکی ساردە.. شەماڵ دیسانەوە بە تێکستی شانۆییەکەدا دەچێتەوە، دەیخوێنێتەوە و دەیەوێت ئیشێکی جوان بێت، هەرخۆی لەماڵەوەیە، یان باشترە بڵێین: ئەو هێشتا هەر بە تەنیا دەژی. چیرۆکی تەنیاییەکەی چیرۆکێکی دوور و درێژە.. پاسەوانەکانی لە دەرەوەی ماڵەکەی شەماڵ وەستاون. ڕەزا بەجلی سەربازییەوە دێتە ژوورەوە، سڵاو لە شەماڵ دەکات، شەماڵ ترس دایدەگرێت، نازانێت چی بڵێت.. تەنیا بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: ڕەزا!

ڕەزا بە پێکەنینەوە دەڵێت: بیرم لە قسەکانی قاوەخانەکە کردەوە، پێمخۆشبوو بێم بۆ لات، بەڵام هاتووم داوایەکت لێبکەم، سەرت سوڕنەمێنێت و بڵێی داوا؟ بەڵێ داوایەکم لێت هەیە.. شەماڵ کاغەزەکانی هێشتا بەدەستەوەیە و بە ڕەزا دەڵێ: تۆ جارێ دانیشە و دواتر داواکەشت بڵێ، بزانم دەتوانم بۆت بکەم.

ڕەزا بە تووڕەییەوە دەڵێت: تۆ دەتوانی خۆت بکوژیت؟

شەماڵ: خۆکوشتنی چی؟ بۆ خۆم بکوژم؟!

ڕەزا: ئێستا تۆ دەتوانی خۆت بکوژیت لەبەر من؟

شەماڵ: نەخێر، نەخێر، ئاخر بۆخۆم بکوژم؟

ڕەزا: بەداخەوە وامزانی دەتوانی خۆت بکوژیت، وامزانی دەتوانی خۆت بەخت بکەیت بۆمن، بەڵام قەینا من خۆم دەتکوژم، من خۆم لەناوت دەبەم و خۆم ڕزگار دەکەم لە مێشکم، خۆم ڕزگاردەکەم لە تۆ، لە ڕابردووم، لەوەی، کە هەموو ڕۆژێک خۆمم وەکو لەشفرۆشێک بێتە پێشچاو.

شەماڵ: جارێ تۆ لە ئێستادا ئیتر لەشفرۆش نیت، بەڵکو لەو کەسانەی، کە لەش دەکڕن، لەو بەشەرانەی هەموو سامانەکەت دەبەخشیت

لەشێکی تر بکڕیت.. ئێوە دەتانەوێت لەشی هەموو مرۆڤایەتی بکڕن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بەهای لەشی خۆتان بەدەستبهێننەوە، بۆیە بووەستە، واز لەو بیرۆکە خراپانەت بهێنە..
ڕەزا: بێدەنگبە کوڕی سەگ! تۆ کوڕی سەگیت سەگ، من نەمدەزانی لەشفرۆشی چییە، نەمدەزانی ڕێگەکانی لەشفرۆشی چین، نەمدەزانی ئەوانەی بەلاماندا تێدەپەڕن و دەبنە خودایەکی بچکۆلە لەشفرۆشن، تۆ بۆت شیکردمەوە، تۆ ناڕاستەوخۆ هانتدام ببمە لەشفرۆش، من ڕقم لەخۆمە، بەڵام پێش ئەوەی ڕقم لەخۆم بێت، ڕقم لەتۆیە، تۆ بۆ خۆت ونکرد؟ من حەزدەکەم خۆم بکوژم، چونکە دەزانم مرۆڤێکی ناشیرینم، بەڵام پێش ئەوەی حەزبکەم خۆم بکوژم، حەزدەکەم تۆ بکوژم، چونکە تۆ ناشیرینیت نیشاندام، تۆ دنیایەک نابووتیت نیشاندام و خۆت ونکرد! شەماڵ تۆ نەتدەزانی مرۆڤگەلێکی وەکو من هەیە، کە ناکرێت ناشیرینی ببینن، لەگەڵ بینینی نابووتییەکاندا زمانیان لیک دەکات، وەکو سەگە هارەکان حەزدەکەن گازبگرن و لەنێو نابووتییەکاندا بتلێنەوە، تۆ لەمن تاوانبارتریت، تۆ بەهەموو کەس دەڵێی لەشفرش، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانیت ئێستا هەموو مرۆڤایەتی لەشفرشی دەکات، ئێستا زەوی بۆتە لەشفرۆشخانە، تۆش لەشفرۆشیت..
شەماڵ: من؟ جا بۆمن لەشفرۆ...
ڕەزا، دەمانچەکەی دەردەهێنێت و بە هاوارەکەی ناهێڵێت شەماڵ قسەکەی تەواوبکات.. هاواردەکات بێدەنگبە کوڕی سەگ.. گەر ئێمە لەشفرش بین تۆ کوڕی سەگیت، شانۆیی لەبارەی منەوە بڵاودەکەیتەوە؟ لە قاوەخانەکە تۆ شانۆییت لە بارەی منەوە دەنووسی، من دەتکوژم ئەوجا جەستەت لەتلەت دەکەم.
شەماڵ: دەی بمکوژە، تۆ لەم پارچە کاغەزانە دەترسیت؟ لەسەر پارچە نووسینێک دەمکوژیت..
دیسان ناهێڵێت قسەکانی تەواو بکات و هاواردەکاتەوە دەڵێت: من لەسەر شانۆ و مانۆ تۆ ناکوژم، من تەنیا بۆ ئەوە تۆ دەکوژم، کە تاکە کەسی دەزانیت منیش لەشفرۆشیم کردووە تا گەیشتووم بە ئێستام.

تۆ تاکە کەســی، کە دەزانی من خۆم بە دەســتی خۆم لەشفرۆشــیم هەڵبژارد، من لەو مرۆڤانەم عاشــقی ناشرینی و نابووتییەکان بووم، بــەڵام کــێ ئەوە دەزانێــت جگە لەتــۆ؟ تەنیا تۆ دەزانیــت، کە من تەواوی جەســتەی خۆمم بردە بەردەم بەرپرســەکان و پێم فرۆشتن. بە دەســتەکانم، گوللەم دەنا بە کەســانێکەوە، کە خۆم نەمدەویست پێیانەوە بنێم، جۆرەها قسەم دەکرد، کە خۆم نەمدەویست بیانکەم، شــەقم لە کەســانێک داوە، کە هەرگیز نەمویستووە شەق بوەشێنم، من مرۆڤم لاقەکردووە، بەڵام کەی خۆم ویســتوومە؟! بەهۆی ئەوەی من جەســتەی خۆمم فرۆشــتووە ناتوانم بە دڵی خۆم بە بیروباوەڕی خۆم بجووڵێمەوە، هەر لەبەر ئەمانەیە دەمەوێت تۆ بکوژم، دەمەوێت ڕزگارم بێت لە تۆ، ڕزگارم بێت لە خۆم!

## ٦

ڕەزا ئەمەی وت و فیشەکێکی نا بەسەریەوە، شەماڵ دەکەوێتە سەر زەویی.

## ٧

بە دەنگی فیشـەکەکاندا، پاسەوانەکان هاتنە ژوورەوە، بینیان خۆی کوشـتووە، جلـە سـەربازییەکانی لەبەردایە و هێشـتا کاغەزەکانی بەدەستەوەیە.